جیۆپۆلیتیکی چیایەکانی کوردستان

● فؤاد حمه خورشید ●

پێشەکی : -

جیۆپۆلیتیکا Geopolitics زاراوەیەکە پسپۆڕانی جوغرافیای سیاسی لە لێکۆڵینەوە تیوریبابەتەکانیاندا دەربارەی ئەو ستراتیجیانەی پێوەندی بەرانبەریی نێوان سیاسەت و جوغرافیا تێك دەبەستن بەکاری دەهێنن.[1]

بۆیە (تایلور) بە جوغرافیای سیاسی ناودەبا. جیۆپۆلیتیکاش لە بنچینەوە بریتی یە لەو تیوریانەی بایەخ بە لێکۆڵینەوەی جوغرافیای سیاسی دەدەن و بۆ خزمەتی ئاواتە نەتەوەییەکانیان بەکاردەبەن.[2]

تیوری زانەکانی جیۆپۆلیتکا لە شیکردنەوەو ئەنجام دەرهێنان و خستنە کاریدا پشت بە چەند تیوریەکی گشتیی ستراتیجیەتی جیهانی دەبەستن کە ئەمانەن : -

1 - تیوریی هێزەکانی دەریا.

2 - تیوریی هێزەکانی ووشکانی.

3 - تیوریی لایەکان (رم لاند).

4 - تیوریی هێزەکانی ئاسمانی.

5 - تیوریی ئەتۆمی.

6 - تیوریی چەکی بۆشاییەکان.

ئەم گشت تیوریانەش، تیوریی ئەتۆمی و چەکەکانی بۆشایی لێ دەرچێ لە هیچەوە پەیدانەبوون، بەڵکوو خاوەنەکانیان لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەو بەڵگەو نموونەی زۆری مێژووی مرۆڤایەتی دا گەلاڵەیان کردوون.

ئێمەش بەش بەحاڵی ووتارەکەمان حەزدەکەین سێ تیوریەکەی پێشەوە بە کورتی باس بکەین چونکە لەسەریەکەوە گرنگن وولەسەریکی تریشەوە پێوەندیەکی راستەوخۆیان بەبابەتەکەمانەوە هەیە.

تیۆریی هێزەکانی دەریا: [3]

خاوەنی ئەم تیۆرییە ئەلفرید میهن (1840 ـ 1914) ئەمیرالێکی دەریاوانی ئەمریکاییە، کە پوختەکەی لە کتێبی «هێزی دەریاو کاری لە مێژوودا»ی خۆیدا بڵاوکردۆتەوە، میهن لای وابوو ئەو دەوڵەتانەی مەزنترین هێزی دەریاییان هەبێ دەبنە ئاغای جیهان و لە دواییشدا دەستی بەسەردا دەگرن. ئەمەش چونکە لە سەردەمێکدا دەژیا کە سەردەمی دەسەڵاتداریی بێ‌سنووری دەریاوانی بوو. لەسەر ئەم بناغەیە داوای لە ئەمریکای دەوڵەتی خۆی کرد هێزێکی دەریاوانیی وا گەورە پێکەوە بنێ کە لەگەڵ بنکەی سەر ووشکانی و زەریا گەورەکانی بەروپشتیدا هاوشان بێت. داوای لێدانی جۆگای پەنەماشی کرد بۆکورت کردنەوەی ڕێگەی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوای وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هەروەها داوایکرد لەگەڵ بریتانیادا پەیمان ببەسترێ و دەست بەسەر دورگەکانی زەریای هێمن دا بگیرێت. پوختەی تیۆرییەکەی ئەوە بوو «هەرچی بەسەر شەپۆلان ڕابگا بەسەر جیهان ڕادەگا».

تیۆریی هێزەکانی ووشکانی: [4]

پاش ئەوەی میهن کتێبەکەی دەرکرد دوو کاری تازە لەسەر شانۆی جیهان پەیدابوون و نرخی تیۆرییە دەریاییەکەیان شکاند، یەکەمیان پێشکەوتنی فرۆکەوانی بوو پاش سەرکەوتنی تاقیکردنەوەی ڕایتی جووتە برا لە ساڵی 1903دا، دووەمیان باسێك بوو سێر هالفورد ماکندر ساڵی 1904 بەناوی (تەوەرەی جوغرافیای مێژوو) بڵاوی کردەوە کە لە مەولا بە تیۆریی هێزەکانی ووشکانی ناسرا.

ماکندر بە چاوێك سەیری جیهانی کۆنی کرد کە وەك یەك ئیشکانی (قارە)ی مەزن وایەو لە سێ بارستایی یان کەرتی (ئاسیاو ئەورووپاو ئەفریقا) پێك هاتووە، ئەمانە پێکەوە نووساون و دەریای ناوەڕاستیان لە ناوەندا دایەو ناوی نا دورگەی جیهان (World Island) ماکندر ناوچەرگەیەکی ستراتیجی بۆ ئەم دورگە گەورەیە دانا کە کردی بە بنکە یان تەوەرەی لەنگەرگرتن و ناووکی جیهانی کۆن و یەکەمجار ناوینا ناوچەی لەنگەرگرتن و «Pivot area» پاشان ڕێکی کردو ناوی نا «دڵی زەوی یان جیهان Heart Lamd» ئەم دڵی زەوییەش لە ئاوەڕێژی ڕووباری ڤۆڵگا لە ڕۆژئاواوە تا سایبریا لە ڕۆژهەڵات، لەبیابانەکانی ناوەڕاستی ئاسیا لە باشوورەوە تا جەمسەری (قوتبی) باکووری زەوی درێژ دەبێتەوە، تیزماڵە (کەوانە) کەنارێك دەوری ئەو دڵە دەدات بە کەوانەی ناوەوە «Inner Crescent» ناو دەبرێ و بریتییە لە ئەڵمانیاو دەوڵەتەکانی تری ڕۆژئاواو باشووری ئەورووپاو تورکیاو هیندستان وچین و دورگەی عەرەب و ئێران و کوردستان. ئەمەش بەشێکی تیزماڵە ووشکانی و بەشێکیشی زەرییایی یە، جوغرافیازانەکان لەلایەن مەبەستی ستراتیجی جیهانییەوە بە ناوچەی خۆلێکدان «Crush Zone» ناوی دەبەن، تیزماڵەکەی دووەمیش (کەوانەی دەرەوەیە «Outer Crescent» کە بە دەوری ناوچەکەی ناوەندا هاتووە بریتییە لە بریتانیاو کەنەداو وولاتە یەکگرتووەکان و ئەفریقیای باشووری بیابان و ئوستورالیاو ژاپۆن، ئەمەش ناوچەرگەی هێزی دەریایی یەو بەفرەوانی لە دەریاو زەریاکانی جیهاندا دەبزوێت و سەربەستیی دەریاوانیی لەدەستدایە، پوختەی ئەم تیۆرییەش ئەوەیە:

1 ـ هەرچی بەسەر ڕۆژهەڵاتی ئەورووپادا فەرمانڕەوا بێت دڵی جیهان دەکەوێتە بەردەستی.

2 ـ هەرچی دڵی جیهانی بەدەستەوە بێت دورگەی جیهانی دەکەوێتە دەست.

3 ـ هەرچی دورگەی جیهانی بەدەستەوە بێت دەست بە سەر جیهاندا دەگرێت.

تیوریی لایەکان (رم لاند): [٥]

سپایکمن کە مامۆستایەکی ئەمریکایی بە خەریکی کۆڵینەوە بوو لە گرفتەکانی هێزوکاریان بەسەر پەیوەندیی نێودەوڵەتانەوە، تا رادەیەکیش بە تیۆوریەکەی ماکندر چەش بوو، بەڵام هەندێ ئەنجامی وەدەست هێنا کە لە بۆچوونەکانی ماکندر جیاواز بوون ئەگەرچی هەر دابەش کردنە تیوریانەکەی ئەویشی بەکارهێنا.

دەرئەنجامەکانیشی ئەمانە بوون:

1 ـ هەرچی دەسەڵاتی بەسەر (رم لاند)دا هەبێت ووشکانیی ئۆراسیای دەکەوێتە بەردەست.

2 ـ هەرچیش ووشکانی ئۆراسیای بەدەستەوە بێت چارەنووسی جیهانی دەکەوێتە بەر دەست.

سپایکمن جوغزی رم لاندی «Rim Land» وەکو ناوانێك و ناوچەیەکی دابرگە داناوە کە هێزە دژە ووشکانییەکان لە هێزە دژە دەریاییەکان جیا دەکاتەوە، بۆیە دەبێ (دەوڵەتەکانی ئەم نێوانە بە درێژای بەرەی ووشکانی (دڵی جیهان) و بەرەی دەریا (کەوانەی دەرەوە) هەوڵی خۆ پاراستنیان هەبێت). [٦]

ئەم تیوریانەش هێشتا کاریگەرییان بەسەر بوارەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتان و ستراتیجیەتی جیهانییەوە ماوە سەرەڕای پێگەیشتنی چەکی ئاسمانی و ئەتۆمی لەکن لایەنە سەرەکییە سوود وەرگرەکان لە بەکاربردنەکانی ئەو تیوریانەش.



Mackinder's heartland.

لەتێکەڵ و پوختەکردنی ئەوسێ تیوریانەش پێکەوەو لە هەوڵدانی بەکاربردنیان لەباری ئێستای نێو دەوڵەتاندا دەتوانین بگەینە ئەم ئەنجامە:

جیهان بە پێی تیوریەکانی ستراتیجییەتی جیهانی بە سێ هەرێم بەش دەبێت:

یەکەم: بریتییە لە دڵی جیهانی ئیشکانی و قەڵای هێزە ووشکانییەکان. ئەمڕۆش بەپێی تیوریەکەی ماکندر یەکێتیی سوڤیەت و دەوڵەتانی پەیمانی وارشۆ و چینی مللی. واتا ناوچەی یان جوغزی سوشیالیستی) دەنوێنێ.

دووەم: ناوچەی ناوەوە، ناوچەی خوڵێکدان، ناوچەی نێوان کەر، بریتییە لە هێزەکانی جیهانی سێیەمی ئاسیایی و باکووری ئەفریقاو دەوڵەتانی ئەمریکای لاتین و هەندێ ووردە دەوڵەتی ئەورووپاو بە جوغزی«جیهانی سێیەم» ناو دەبرێت.

سێیەم: جوغزی دەرەوە کەوا هێزە سەرەکییەکانی دەریایی، واتا هێزە سەرمایەدارەکان داگیری دەکەن وەکو وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو بریتانیاو ژاپۆن و دەوڵەتانی پەیمانی ئەتڵەسی (ناتۆ) و باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا (سیاتۆ) وەدەوڵەتانی پەیمانی پاسفیك و دەوڵەتانی هاوپەیمانییان.



لێرەدا دەتوانین بە «جوغزی سەرمایەداری» ناوی بەین.

جیوستراتیجی ی چیاکانی کوردستان:

ئەگەرلە گۆشەی ئەوجوغزانەوە بنۆرینە چیاکانی کوردستان دەبینین لە جوغزی دووەمی ناوەوەدا کەوا لە نێوان جوغزی سۆشیالیستی و سەرمایەداری لە جوغزی دەرەوەدا جێگەیەکی دیاری بۆخۆی کردوتەوە. لەنێوان ئەو دوو ناوچانەدا کە دوو بەردی دەستارِ دەنوێنن کێشەو ملمەلانێ لەسەر رامکردن و دووخستن یان داگیرکردنی (ناوچەی ناوەند) یان بەستنەوەی بە پەیمانێك لە هەر جورە رەنگێکدا بی بۆ دۆزینەوەی ناوچەی لەنگەرگرتن و لێیەوە بازدان بۆناو ناوچەکەی دوای ئەو لە پێناوی ناوچەی فراوانتروگشتی تری دەسەلاتدا لە نێوانیاندا بەردەوامە، سەرەڕای جیاوازی شێوەو رێگەی هێنانەدی ئەو مرازانە بە جیاوازی ئەیدیولوجیەتیشەوە.

چیاکانی کوردستان لە رۆژانی نووکەدا گرنگی ی زۆر گەورەی ستراتیجیان هەیەو وەکو جاران لە سەردەمە کۆن وناوەندی یەکاندا ئەو بایەخەیان هەر هەبووەو نەرِیووەتەوە هەروەکو لەمەودوا باسی دەکەین. چونکە ئەم گرنگی ی ستراتیجییەی لە گرنگی ی جێگەو سروشتی راکشان و بەرزایی یەکانیان هەڵقوڵیوە، سەرباری توانستی ئابووری و مرۆڤانەو سوپایانەیان، لەبارەی سەختی ی هاتوچۆو کەم رێگاوبانی و کەم گەروو زینوو (ممر) ئەمانە گشتی مەودایەکی جیوپولیتیکی ی دێرزەمانی و هەمیشەییان پێداون، ئەم هۆیانە وایان لێ کردوون ببنە ئامانجی بەرچاوی داچەقیوی دوو هێزە گەورەکان، بۆیە لەنێوان هەر دوو بەردی دەستارەکەدا بەگیرهاتووە.

چیاکانی کوردستان کە بەشە ناوەندی یە گرنگەکانی زنجیرە چیاکانی زاگروس و تووروس پێکدەهینن لەرۆژاوای ئێران و باکووری باکووری رۆژهەلاتی عیراق و باشووری رۆژهەلاتی تورکیا رادەکشێن و سەردەردەکەن لە باکوورەوە تا دەگەنە ئارارات وئنجا سنوورەکانی یەکێتی سۆڤیەت. لە باشوریشدا (چیایەکانی زاگرۆس) دەنوارنە سەر کەنداوەکانی رۆژهەلاتی کەنداوی عەرەبی. لایەکانی رۆژاواشیان (توروس) لە قورنەی باکووری

ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست نزیك دەبنەوە. ئەم زنجیرە چیایانە بە گشتی بڵندو سەختن و بوونەتە دابڕێك دوو مەڵبەندی جوغرافیایی هاوسێ لێك جوودا دەکەنەوە، یەکەمیان لە دەستی ڕۆژاوایەوەو لە دەشت و بیابانی میزۆپۆتامیاو بانی ئەنەدۆڵ پێکهاتووە، دووەمیان لە بانی ئێران و بیابانە ناوخۆیەکانی تا ڕۆژهەڵات ڕاکشاوی ئێران پێکهاتووە، هەروەکو پرۆفیسۆر (رایت) دەڵێ «ئەمانە ڕۆژاوای ئاسیا لەلایەن جیۆلۆجی و فیزیۆگرافی وئاوو هەواو شارستانییەوە دادەبڕن» (7).

بۆیە لە کۆنەوە ئەم چیایانە بەناوچەیەکی دابڕگە بەناوبانگ بوون و بە درێژایی مێژوو کاریان بەرەنگاربوون بووەو بۆ دانیشتووەکان بوونە تەقوڵلەو قەڵا.

ئەم چیایانەش لەو ڕۆژەوە کە گوتییەکان پێیان لێ داناوە تا ئەمڕۆ لەلایەن ڕەگی مێژوویەوە، بووەتە نیشتمانی گەلی کوردو پەناو سەنگەرێکی قایم بۆپارێزگاریان. لەبەر ئەوە بەگشتی بایەخێکی ستراتیجیی گەورەیان هەیە، واتا گرنگییە جوغرافیاییەکەیان لە ڕۆژانی ئێستاشدا کارێکی گەورە دەکاتە سەر پایەی سیاسی لە سیاسەت وپێوەندییە نێو دەوڵەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

شیکردنەوەی جیۆپۆلیتیکی:

ئەگەر بەسەر گرنگییە جیۆپۆلیتیکیەکەی ئەم چیایانە لەسەردەمی گوتیی و میدییەکاندا ڕەت بین، ئەوەندە بیردەخەینەوە کە کێشەکەی نێوان ئەم دوو دەوڵەتە لەگەڵ ئیمپراتۆرێتی سۆمەری و ئاشووری یەك لەدوای یەك بەچی گەیشت، دەوا زۆرانبازیی نێوان گوتی و ئەکەدیەکان ئەوە بوو گوتییەکان توانییان ئیمپراتۆریەتی ئەکەدی لەناو ببەن و نزیکەی سەدەیەك (2230 ـ 2120 پ. ز) لە هەواری ئەوان دا فەرمانڕەوایی بکەن، هەروەها کێشەی نێوان میدیاو ئاشووووورییەکان بە ڕووخانی دەوڵەتی ئاشووری لە ساڵی 612پ. ز دا دوایی هات (8).

بایەخی جیۆپۆلیتیکیی ئەم چیایانە نەك هەر بۆ کورد بەڵکو بۆ دەوڵەتانی دەوروبەر و هاوسێش چەرخاوچەرخ بەردەوام بووە، هەر بۆیە هەموو حکومەتەکانی ناوچەکە لە پێش زایینەوە بە چاوی ستراتیجی زانی سەیری ئەم چیایانەیان کردووە، چونکە وەکو کلیلێك وابووە بە دەست ئەوەی توانیبێتی بیانگرێت وبیان خاتە سەر وڵاتی خۆی. بەڵکو لاپەڕەکانی مێژوو وپیشانمان دەدەن کەوا کێشەو ململانێ لە سەر ئەم چیایانە زووربەی جار بۆمەیدانێکی فراوانتر پەلی دەهاویشت و بۆ ئاسۆگەلی هەرێمی فراوان دەتەنییەوەو سنووری پەل هاویشتنی هەرێمانەی سەر ووشکانی دەبەزاند ڕووەو هێزە دەریاکان ملی. دەنا، ئەمانەش تووشیان دەبوو بەتووشی هێزی گەورە گەورەی بنکە چەسپیوی ووشکانی، بەڵکو ئەنجامی ئەو ململانێ ستراتیجیانەو ئەو کێشە توندوتیژە لە مێژوویەی نێوان ئیمپراتۆرییەکانی چەرخە کۆنەکان و چەرخەکانی ناوەڕاست بە شێوەیەك کە زاڵ بوونی یەکێکیان بەسەر ئەوی دیدا دەبووە هۆی گۆڕینی نەخشەی ناوچەکە تا ماوەیەکی زۆر، زووربەی جاریش هێزی بەزیو بە تەواوی لەناو دەچوو.

جا لە کاتی بەباڵاگرتنی تیۆریی ستراتیجییەتی جیهانیی هاوچەرخ بەش بە حاڵی هێزە گەورەکانی جیهانی کۆن دەبینین هاوکێشەکە وەهای لێ دێ:-

1ـ هێزەکانی ووشکانی: لە چەرخی کلاسیکیدا خۆیان لە ئیمپراتۆریەتی ئەخمینی و هێزە شەرکەروتیپە سوارە دەستدرێژ و چەپاوکەرەکانی دەنواند.

2 ـ هێزەکانی دەریا: کە ئەوسا بریتی بوون لە ئەتینا پاشان مەکەدۆنیا (336ـ 323 پ ز) کە لە ڕۆژاوای هێزەکانی یەکەمدا بوون.

ئەم دوو هێزە دوو بەرداشی کێشەکە بوون و چیاکانی کوردستانیش لە نێوانیاندا بوون، کێشەکە لەسەر ناسکیی شوێنی جیوستراتیجیی چیاکان بوو، هێزی یەکەم دەیویست هەر لەدەست خۆیدا بێت بیکا بە

چەپەروزریپۆشی پاریزگاری مولك و ماڵی ناوەوەوڕۆژاوای لەکاتیکدا هێزی دووەم چاوی لەوەبوو ئەوقەڵغاو ن زریپوشە لە دەست ئەخمینیەکان دەربهێنێ و لەلای ڕۆژهەڵاتەوە خۆی بێ پاریزێ و بەڵکو بیکا بە پێگەی هەڵمەت بردنە سەر قوولایی ئاسیا لە ڕۆژهەڵاتدا.

کێشەی نێوان ئەودوو هێزە چەند سەدەیەکی خایاند تا هێزەکانی کزرکیسی ئەخمینی Xerxes) ی کوری داریوسی یەکەم کەلەساڵی (485 ـ 465 پ. ز) حوکمی کردووە پاش پەلاماریکی دری وولاتی میزوپوتامیاو ئاسیای بچووك کاتیك کە چیاکانی کوردستان قەلای رۆژاوای دەوڵەتەکەیان بوو لە (بەژ)ەوە تا سنووری مەکەدۆنیا چوون.

بەلام دوای ئەوەی مەکەدۆنی یەکان توانییان لە شەری دواپێهینەری ئیسوس (333 پ. ز)دا ئەخمینی یەکان بشکێنن، لەوە گەیشتن کە پێویستە تا پاش چیاکانی کوردستان ڕاویان بنێن بەو پێ یە کە لەلایەنی ستراتیجی یەوە بایەخێکی گەورەی بۆدەوڵەتەکەیان هەیە، پاشان هێرشە گەورەکەی ئەسکەندەری مەکدونی «ذو القرنین» (356 ـ 323 پ. ز) دەستی پێ کردو لە شەری ئەربیلا (هەولێر) لەساڵی 330 پ. ز)دا داریوس شکاولەبەر هێزە سەرکەوتووەکاندا ڕەوی. [9]

بەم جۆرە دەبینین دوای ئەوەی ئەسکەندەر توانی زریپۆشەکەی ئەخمینیان کە چیاکانی کوردستان بوو تێك بشکێنێ جارێکی دی ئەم چیایانە بۆ ئەو بوونە سەنگەری قایم بەرامبەر بە هێرشەکانی ڕۆژهەڵات، وە هەر لەو قەلا قایمەوە لەشکرەکانی بە ئاسانی بەرەو ڕۆژهەلات شانی کوتا تا گەیشتە هیندستان و توانی یەکەم ئیمپراتۆری لەو رادەیە نیمچە ووشکانی یە لە مێژوودا دابمەزرێنێ [10]. جا ئەگەر لەباری جیۆپۆلیتیکیەوە سەیری هێزی دوو لایەنە شەرکەرەکە بکەین دەبینین هەردووکیان بەر لەوەی ببن بە هێزێکی گەورەی مێژوویی یەکەمجار لە پەلهاویشتنەکانیاندا دەستیان بەسەر چیاکانی کوردستاندا گرتبوو. هەر ئەو هاوکێشەیەش لە ملمڵانێی ڕۆما، میراتگری ئەتینا لەگەڵ پارتیەکانی میراتگری ئەخمینی یەکان دەربارەی ئەو چیایانە دووبارە بووەوە.

پاش ئەوەی کورد موسڵمان بوو ڕۆڵەکانی خۆیان کردە ئیزنگی ئاگرەکەی لەشکرانی ئیسلام لە چیایەکانیانەوە بەرەو ڕۆژهەلات سەرگەرمانە کەوتنەرێ، ئەوەبوو چیایەکانی کوردستان بوونە پێگەی پتەوو قەلای قایمی ئەم لەشکرانە، ئیتر بە پشت قایمی یەوە لە ڕۆژهەلاتدا لە قوولایی ئاسیادا چونە ژوور تا تخووبی چین. وە هەر لە گۆشەنیگای جیوپولیتیکیەوە دەنۆرین چۆن چیایەکانی کوردستان بوونە لانەی پتەوی لەشکرانی ئیسلام دوور لە دورگەی عەرەب کە لەوێوە بەرەو ڕۆژهەلات هێرشیان برد، هەر چۆنێك بێت سەرلەشکرانی ئیسلام بێ گومان حیسابێکی تایبەتیان بۆ گرنگی ی ستراتیجیانەی ئەو چیایانە کردووە. بەم جۆرە چیایەکان لە سەردەمی ئیسلامیشدا بایەخی جیۆپۆلیتیکای خۆیان هەتاسەر هەر ما.

پاش ئەوەی مەغۆلەکان لە ناوەراستی ئاسیاوە لە وێنەی هێزێکی ووشکانی ی شالاویەری بەترس دا ڕاست بوونەوەو دەرگاکانی جیهانی ئیسلامییان لە ڕۆژهەلات کوتایەوە، ووردە دەوڵەتە موسڵمانەکانی وولاتی (ماوراء النهر)و خوارەزمیان بەر چەپۆك دا، قۆشەنیان کە گەیشتە چیاکانی کوردستان تووشی بە زەبرترین بەربەرەکانێ بوو، ئەم چیایانە بە دانیشتووانییانەوە بوونە گەورەترین تەگەرەی بەردەم بەرەوپێش چوونی خێرای مەغولەکان رووەو ڕۆژاوای ئاسیا. ئەوەبوو مانگۆخانی ئیمپراتۆریان دوای ئەوەی دەربارەی سەختی ی ئەو ناوچانەو دری ی خەلکەکەی دەنگوباسی پێگەیشت، کە هۆلاکوی برای کردە سەرلەشکری هێزی داگیرکردنی بەشەکانی تری جیهانی ئیسلامی کە پاش چیاکانی کوردستانن بە بەغدای پایتەختی خەلیفایەتی ی عەباسییەوە ڕاپسپارد:

«تا دەتوانی تەنگ بە کوردو لور هەڵچنە، هەر کردەوەیەکیان بە مەبەستی ڕێ لێ گرتنمان و دواخستنی یارمەتیمان لە تێپەڕگەی بەرزاییەکانیان دا بهارەو تۆڵەیان لێ بکەوە». [11]

بەڵام پاش ئەوەی هولاکۆ توانی ئەم چیایانە بگریت دوای گەلێ گیروکێشەو شەڕی خوێنین ڕێگەی گرتنی بەغدا (ساڵی 1258ز)وولاتی شامی بۆ خۆش بوو. هەر بەو جۆرەش کارەساتەکە لە سەردەمی تەیموری لەنگدا لەمەوپاش دووبارە بووەوە.

پاش سەرهەڵدانی دوو هێزی گەورەی نیشتەجێی لەم لاوئەولای چیایەکانی کوردستان واتا دەوڵەتی سەفەوی لە ڕۆژهەڵات و ئیمپراتۆرێی عوسمانی لە ڕۆژاوادا چیایەکان بوونە تەوەرەی سەرەکیی بەربەرەکانێی تاڵی نێوان هەر دوو دەوڵەت، هەروەها بوونە مەیدانی شەڕی نێوانیان و جارێکی تر کەوتنەوە نێوان دوو بەرداشی ململانێ و زۆرانبازیی دوو دەوڵەتی گەورەوە.

ئەم ململانێیە بە شێوەیەکی سامدار گرنگیی شوێنی ستراتیجیی ناوبەینی چیایەکانی خستەروو. ئەگەرچی هیچیکێشیان نەیتوانی هەموو ئەم چیایانە بخاتە سەر موڵکی خۆی بەڵام جاروبار هەوڵیدەدا ستراتیجیەتی (فاقە) بەکاربهێنێ بۆ چنگ گرتن بەسەر ناوچەکەدا یان زوربەی ناوچەکەدا بە گەلێ ڕێگای جۆراوجۆر، وەکو لەرێی پەیمان بەستن و دڵدانەوەی میرنشین یان سەرۆك هۆزو شێخ و مەلا کوردەکانەوە.

دەرئەنجامیش وا گەڕا کە هەر یەکێك لە دوولایەنەکە چنگ لە چەند بەشێکی گرنگ وشوێنی ستراتیجیی ئەم چیاپانە گیربکات پاش ئەوەی شەڕوشۆری زۆر زنجیرە چیاکانیان کردە دوو توێژاڵی درێژکۆڵە کە درێژیەکەی لە چیای ئەراراتەوە تا کەنداوی عەرەب نزیکەی 1180 میل دەبێت، ئەنجامی ئەوزنجیرە شەڕە دوورو درێژ و پەك خەرانەش زوربەی جار بە بەستنی پەیمانێك یان مۆرکردنی ڕێککەوتننامەیەك دواییان دەهات لەوانە: پەیمانی زەهاوی ساڵی 1639، پەیمانی هەمەدانی ساڵی 1727، پەیمانی قوستەنتەنییە ساڵی 1736، پەیمانی مغان ساڵی 1746، پەیمانی یەکەمی ئەرزەرۆم ساڵی 1823.

سەبارەت بە گرنگیی ناوچەکە لەلایەن جیۆپۆلیتیکیەوە لەلایەك، دەرکەوتنی تەماعکاریی دەوڵەتانی گەورەو دەست خستنە ناو کاروباری ناوچەکە لەزوویکەوە لەلایەکی ترەوە. بەتایبەتی تەماعکاریی بریتانیا کە گورج تەشەنەی کردو دەستی خستە ناو کاروباری ڕۆژهەڵات، هەروەها ڕووسیای قەیسەریو ئاواتی ستراتیجییانەی پەلهاویشتن و گەیشتن بە ئاوی گەرمووکی باشوور. جا لەو مێژ ووەوە ئەم دوو هێزە مەزنە کەوتنەخۆ بۆ دانانی قشوون و دەسەڵاتی سیاسییان لەپێناو خزمەتی ئامانجە ستراتیجییە مەودا دوورەکانیان لە ناوچەکەدا، ئەمەش چ بە بەشداربوون لە دابەش کردنی ئەو چیایانەدا یان لە کارکردنە سەر سیاسەتی ناوخۆو دەرەوەی دوو دەوڵەتە بەرەنگاربووەکان. [12]

دابەش بوون و لەتکردنی ئەم چیایانە بە دەوڵەتەوەو کێشانی سنووری سیاسی دابڕکەری نێوان بە ناو بژیکەریی ڕوسیای قەیسەری و بریتانیا قایل بوون بەڵکو چارەیەکی هەرای چەکداری بکەن یان هێوری بکەنەوە لەمەشەوە پەیمانی دووەمی ئەرزەرۆم لە ساڵی 1843دا هاتەدی. [13]

لەبەر ئەوەش کە ئەم چیایانە لە سێ ڕیانی سنووری دەوڵەتی عوسمانی و ئێران و ئیمپراتۆریتی ڕووسیادا شوێنیکی گرنگی ستراتیجی هەڵکەوتوو دەنوێنن بۆیە لە نەخشەدانانی کاربەدەستانی ئەم دەوڵەتانە لە چوارچێوەی سوپایی و سیاسی و بازرگانی یەوە جێگەیەکی دیاری وەرگرت. تەنانەت بریتانیای (ئەوسا مەزنیش) هەر بەچاوی جیۆستراتیجی نەخشەکانی خۆی

پوختـەدەكـرد بەتـایبـەتی بۆكردنـەوەی ڕێیـەكی كورت وئاوەدان بۆگەیشتنـە هیندستانی گەوهەری تاجی بریتانیا.

ئیتـر دەوڵـەتـانی ئەورووپا بەتایبەتی ئینگلتــەرە دوای ئەویش ئەڵمــانیــاو رووسیــا كەوتنــە دەست خستنــە ناو كاروبـاری كوردستـان بە گەلێ شێوازو رێگە لە بەراییاندا:

1 ـ هەناردەی دیپلۆماسی

2 ـ گەشتوگوزار

3 ـ مەشق و پرچەك كردنی سوپا.

4 ـ موژدەدانی ئایینی

5 ـ لە شوێنەوارو كۆنینە پشكنینەوە

بەهــۆی ئەورێگــایــانـەوە توانـرا زانیــاریـیـەكی زۆری جوغـرافیـایی و مرۆڤــانــەوئابـووریوسوپـایی ی ئەم ناوچەیە كۆبكرێتەوە. بۆیە بریتانیا بەتاو خۆی كوتـایـە ناو ناوچـەكە، بەتایبەتی پاش دامـەزراندنی (شەریكەی هندی شرقی)و كردنەوەی بارەگاكەی لە ساڵی 1806دا لە بەغــدا، لەكــاتـێكــدا ئیمپـراتـۆریەتی ڕووسیش لە سەرەتای سەدەی نۆزدەمینـــەوە بەتـایبـەتی دوای شەری رووس و ئێـران لە ساڵانــی 1804 ـ 1813 و 1826 ـ 1828دا هەروەها لە شەری..

ڕووس و تورك لەساڵی 1828 ـ 1829دا.[14]

لەبــەرئــەوە باری جیــۆپـۆلیتیكی ئێستای ئەوچیایانە هێشتاش لە ڕیبازی سیاسیو نەخشەی كۆمەڵێكی گەورەی دەوڵـەتـانـدا لەوساوە دەورێكی گرنگ ـەگـێــرێ، بەڵـكــو لە سەرجــەمــی ستـراتیجیەكانیاندا بە ڕیبازی سیاسیو پێـوەنـدی دەوڵـەتانیشیانەوە تا ئەمرۆش حسابێكی وردی بۆدەكەن.[15]

پەراوێزو سەرچاوە: ـ

1 ـ بۆ زیادە ئاگاداری بنوارە:

فایفیلد، رسـل وواتـزل بیرس.، الجیوپولتیكا، زنجیرەی الالف كتاب،دوو بەرگ، قاهیرە[وەرگێرانی یوسف مجلی]

2 ـ تیلور، حریفت.، الجغـرافیـة فی القـرن العشـرین، بەرگی دووەم، قاهیـرە، 1975، ل 458، [وەرگێرانی د. محمد -

3 ـ بۆ زیادە ئاگاداری بنوارە:

Mahan, A. T. The Influence of Sea Power on History New York, 1890.

4. Mackinder, H., The Geographical Pivot of History, Geographical Journal, Vol. XXIII, No. 4, 1904, P. 23.

5. Spykman, N. J., The Geography of The Peace, New York, 1944, P. 43.

6 ـ الـدیب، د. محمـد محمـود، الجغرافیة السیاسیة، القاهرة، 1978، ل 374.

7. Wright, H. E., Late Quaternary Climates and Early Man in The Mountains of Kurdistan, Report of the VI International Congress on Quaternary Warsaw, 1961 (Lodz 1964), P. 124.

8. Roux, Georges., Ancient Iraq, London 1964, PP. 184 - 149 and 341.

9. Stevens, Roger., The Land of The Great Sophy, London. 1971, PP. 14 - 15.

10 ـ حمــدان، د. جمــال، استراتیجیة الاستعمار والتحرر، دار الهلال، قاهیرە، 1968 ل. 26.

11. Curzon, George N., Persia and Persian question, Vol. 2, London, 1892,

12 ـ بۆ فراوانی زانیاری، بنوارە.

خالفین، د. ن. أ.، الصــراع علی كردستــان، بەغـدا، 1969، ل 57 ـ 73. [وەرگێرانی د. احمد عثمان ابوبكر].

13. Edmonds, C. J., The Iraqi - Persian Frontier: 1639 - 1938. Asian Affairs Journal, Vol. 62., June, 1975, P - 147.

14 ـ خالفین، د. ن. أ.، هەمان سەرچاوە، ل 27، 33، 49.

15 ـ بۆ زیادە ئاگاداری بنوارە:

باڤیج، كردستان والمسألة الكردیة، چاپی یەكەم، 1978.